# شێر و کوڕە بچکۆڵە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

×

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

×××

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شێر و کوڕە بچکۆڵە

نوسینی: ئۆلف نیلسۆن


وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

ناوی کتێب: شێر و کوڕە بچکۆڵە
نووسینی: ئولف نیلسۆن
وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
وێنەکێش: دلشاد عەلی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە ٥٣٨
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوەڕحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# شێر و کوڕە بچکۆڵە

جارێك لە جاران منداڵێك هەبوو، ئەو منـداڵە هەمشە بەتەنێ بتوو. هەر کە منداڵانی تـری گونـد چاویان پێی دەکـەوت، دەستوبرد دەکـەوتنە شەڕ پـێ فـرۆشتنی. بەهـەموویان پـاڵیان پێوە دەنـا، بەهەموویان لێیان دەدا و بە هەموویان تـوورەیان دەکرد. ئەوسا منداڵەکە دەستی بەگریان دەکرد و هۆن هۆن فرمێسك بە گۆناکانیا دەهاتە خوار. منداڵان چێژیان بە ئازاردانی دەبینی. ئـەمیش ناچار بەهەموو هێزی ڕای دەکرد و خـۆی لەنێو تەلانەکاندا حـەشار دەدا.

لـەوێ دادەنیشێت و چـاوەڕێـی دەکرد تا منداڵەکان شتێکی تریا دەبینییەوە شەڕە شەقی لەگەڵدا بکەن. ئەو منداڵە هەمشە بەتەنیابوو.



جارێکیان مشکێك هات بۆ لای و بۆنی بە پانتۆڵەکەیەوە کرد. منداڵەکە ژیر بووەوە و دەستی بۆ لای مشکەکە کوتا. ئەوجا مشکەکە بۆنی بەپەنجەکانیەوە کرد، کەپووی مشکەکە سارد و شێدار بوو. وردە مووی لموزی، ختووکەی منداڵەکەی دەدا. منداڵەکە پشت گوێی مشکەکەی خوراند. گوێی مشکەکە نەرم و گەرم بوو. منداڵەکە بەمشکەکەی گوت: چەند جوانیت، من حەز دەکەم لەگەڵ یەکدا ببینە هاورێی گیانی بەگیانی. هەر لەوە دەچوو کە مشکەکە لە قسەکانی منداڵە بچکۆڵەکە حاڵی بووبێ، چونکە لە نێوان لەپی دەستی منداڵەکەدا هەڵقونییەوە. خۆی وەك تۆپێك گرمۆڵە کرد و کلکی لە گوێکانیەوە ئالاند.



منداڵە بچکۆڵەکە بە وریای لەپی دەستی لێك نا و هەناسەی خۆی بەمشکەکەدا کرد تا گەرمی دابێنێ و چەند وشەیەکی میهرەبانیشی بە گوێدا چرپاند. مشکەکـە لەنێو لـەپی منـداڵەکەدا هەناسەی قوڵی دەدا و خەو بردیەوە. مشکەکە لەناو لەپی دەستی گەرمی منداڵەکـەدا خەوێکی قووڵی لێ کەوت. ئەو کاتەی منـداڵە چکۆڵەکە دەبـوایە سەتڵە ئـاوێك هەڵـگرێ، مشکەکـەی دەخستە نێو گیرفانیەوە، هەرکە خێـرا لـە کارەکەی بووەوە، مشکـەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و چەند وشەیەکی میهرەبانیشی بەگوێیدا دەچرپاند. بەڕێکەوت مامۆستای گوند لەوێ وەستابوو، لـە منـداڵـە چـکـۆڵـەکـەی دەنـۆڕی. مامـۆستـا بـەتـووڕەیی لـێی پـرسـی:

- ئەوە چی لەنێو لەپی دەستتدایە؟



یەکەمجار منداڵەکە نەیویست وەڵامی بداتەوە، لەبەر ئەوەی مامۆستاکە لە واتای دەستی گەرم و وشەی میهرەبانی نەدەگەیشت. مامۆستا پیرەکە گوتی:

- گوێت لێ نەبوو پرسیارم لی کردیت؟

منداڵە چکۆڵەکە بەناچاری مشکەکەی پێشان دا. مشکەکە لەنێوان لەپی منداڵەکەدا کلکی کردەوە و خۆی درێژ کرد. لەبەر هەتاوەکەدا چاوە وردە ڕەشەکانی بە وریایی دەترووکاند. منداڵەکە بەهەڵلەرزینەوە وەڵامی دایەوە: مشکە چکۆڵەکەی خۆم. مامۆستا پیرەکە گوتی: مشك؟ من چ مشکێك نابینم! من تەنیا دەستێکی پیس و پۆخڵ دەبینم. دەی بچۆ دەست بشۆ! قسەی هەلەق و مەلەقیش مەکە لە بارەی مشکێکەوە کە نییە! مامۆستاکە وای گوت و ئەوجا لێیدا ڕۆیشت. بەڵام منداڵانی گوند گوێیان لەهەموو شتێك بوو. هاواریان کرد:

- چ مشکێکت گرتووە؟





منداڵەکان گەمارۆیان دا. بەڵام هەر چەند سەیریان کرد چ مشکێکیان نەبینی. ئەوسا کەوتنە هەها کێشان و گاڵتە پێ کردن. منداڵە چکۆڵەکەش بەپەلە ڕای کرد. هەروەك جاران لە تەلانێکدا خۆی حەشار دا. پاشان بۆی دەرکەوت مشکەکەی پێ نەماوە. کوڕە چکۆڵەکە دەستی بەگریان کرد و گوتی: (مشکە بچکۆڵەکەم، وەرەوە... مشکە بچکۆڵەکەم!) چەند سەعاتێك لەوێ دانیشت و چاوەڕێی کرد. هاواری دەکرد و دەستە بچکۆڵەکەی بەملا و لای خۆیدا دەکوتا.

خۆر ئاوابوو، دنیا تاریکی کرد. جاڵجاڵۆکەکان لە حەشارگەکانیان هاتنە دەرێ و کوتنە چنینی تەونەکانیان. کوندەپەپووەکان کەوتنە خوێندن و بە باڵە قورسەکانیان بەدارستانەکاندا فڕین. لەو دوورەوە، لە دووری دوورەوە شێرێك لە برسا دەینەڕاند. کوتوپڕ منداڵەکە لەناو تەلانەکەدا دڵی خۆش بوو. هاواری کرد مشکە بچکۆڵەکە... ئاخرییەکەی هاتیتەوە؟ بەڵام ئەوە مشك نەبوو. لە بری ئەوە بوونەوەرێکی سەیر، سەری لەنێو گیاکەوە هێنایە دەرێ. ئەو بوونەوەرە لە ورچ دەچوو، بەڵام لە پەنجە تووتەیەك گەورەتر نەبوو.



بوونەوەرە بچکۆڵەکە هاروای کرد:
- سڵاو... شەو ساردە و پێ دەچێ ئەمشەو هەموومان لە سەرما بتەزین. منداڵە بچکۆڵەکە وەڵامی دایەوە:
- وەرنە لای من، من دەتوانم گەرمتان کەمەوە! ئەوسا ورچە زۆر چکۆڵەکە دەستی بەرەو لای گیاکە ڕاوەشاند و چەند بوونەوەرێکی بچووك هاتنە دەرێ. یەکێکیان تیسکن بوو وەك هەزارپێ و بە بەردەوامی دەبریسکایەوە. یەکێکی تریان دەتگوت کوێرە مشکە و وەك قۆخیش نەرم بوو. یەکسەر بە ئەژنۆی منداڵە بچکۆلکەدا هەڵزنی. یەکێکی تریان هێند ترسنۆك بوو تەنانەت لە مێروولەیش دەترسا. ئەوی تریشیان مشکێکی خەمبار بوو و مووی لمۆزی لوول بوو ڕیزێکی درێژ بوونەوەری بچووك و ترساو و تەزیو بۆ لای منداڵەکە هاتن. منداڵەکە بوونەوەرە بچکۆڵە و ترساوەکەی نایە گیرفانیەوە. لەوێ بەقووڵی هەناسەی دەدا و خەوی لێ کەوت.
تیسکنەکە لەو دەلاقە نەرمەی نێوان شان و ملیدا خەوی لێ کەوت. ئەوەشیان کە وەك قۆخ نەرم بوو، لە داوێنی کراسەکەیدا ڕاکشا. مشکە هەڵلەرزیوەکە لە لەپی دەستێکدا، ورچە بچکۆڵەکەش لە دەستەکەی تریدا خەو بردنیەوە. منداڵەکە گوتی: ئیتر پێویست ناکات لەلای من بترسن. من گەرمتان دەکەمەوە و ئەو کاتەی کە دەشنوون ئاگام لێتان دەبێت. ورچەکە بەورتە ورتێکەوە گوتی:
- لە دڵەوە سوپاس...وای گوت و ساتێك دواتر خەوی لێ کەوت. هێندە توند دەیپرخاند کە دەستی منداڵەکە هەر بەڕاستی دەلەرییەوە. بەدرێژاییی شەو منداڵەکە گوێی لێ بوو شێرێکی برسی نارەتەی دەکێشا. نارەتەی توندی شێرەکە تا دەهات نزیك و نزیکتر دەبووەوە. بەڵام منداڵەکە نەدەترسا چونکە لەگەڵ هاوڕێ بچکۆڵەکانیدا بوو. کاتێك خۆر هەڵهات، ئەو بوونەوەرە برسینانە خەبەریان بووەوە.




یارمەتیی پیرەکانیان دەدا تا بەشەلەشەل بکەونە ڕێ. بەڵام منداڵەکە نەیدەویست هاوڕێکانی بەتەنێ جێ بهێڵێ.

گوتی:

- هاوڕێ بچکۆڵەکانم، من دەبێ ئێوە بەرەو جێگایەکی دوور لەمەترسی ببە. وای گوت و بەرەو تەلانەکان گەڕایەوە. ئێستا ئیتر هەموو خەڵکەکە گوندیان چۆڵ کردبوو، جگە لە مامۆستا دڵڕەقەکە کە بەرەو پێشەوە ڕای کرد و دەستی منداڵەکەی گرت و ڕای کێشا و بەتووڕەیی گوتی:

- کورە... ئەوە شێت بوویت؟

هەر لەو کاتەدا شێرەکە هاتە گوند. ئەوە گەورەترین شێرێك بوو کە لەوەوبەر بینرابێت. یاڵەکەی تۆکمە و دەمی زل. کلکی قامچی ئاسا دەوەشاند. نەڕەی وەك هەورە گرمەیەکی توند دەهاتە گوێ. منداڵەکە



هێند ترسا کە هێندەی نەمابوو لە ترسا ئەژنۆی بشکێ. نەیدەزانی چ بکات.
مامۆستاکە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە قیژاندی:

- کوڕە خێراکە!

ئەوسا منداڵەکە چاوی بەچوار پیرەمێرد کەوت کە چکۆڵە هێندەی پەنجە تووتەیەك دەبوون، لە قەراخی ڕێگاکەدا ڕاوەستا بوون و بە پەرۆشەوە لە وتوویژ و قسەکردندا بوون. منداڵەکە خۆی لە مامۆستاکە دزییەوە و خێرا چوو بۆ لای پیرەمێردە چکۆڵەکەکان. پیرەمێردەکان هێشتا بەهاتنی شێرکەیان نەزانیبوو. منداڵەکە بە مامۆستاکەی گوت:

- من دەبێ ئەو پیرەمێردە ڕزگارکەم.

مامۆستاکە قیژاندی:

- کوڕە پیرەمێردی چی؟ چ پیرەمێردێك لە ئارادانییە. ئەوانە تەنیا خەیاڵی خۆت دروستی کردوون. بەڵام ئەم گوێی لێ نەگرت. ئەوسا هاواری بۆ پیرەمێردە چکۆڵەکان کرد:

- ئاگاتان لە شێرەکە بێت!

بچووکترین پیرەمێردیان پژمییە دەسەسڕێکی گەورەوە و پاشان گوتی:

- هەی لەوە، شێر! کێ هەیە لە شێرێکی هیچ لەبارا نەبوو بترسێ؟ منداڵەکە پرسی: تۆ کێیت؟ پیرەمێردە چکۆڵەکە هەمدیس پژمییەوە دەسەسڕە گەورەکەوە و وەڵامی دایەوە:




- من کەسێکی بەخۆ نازیوم. من لەهەموو دونیادا لەهەموو کەسێك زیاتر بەخۆمدا دەنازم. منداڵەکە پێکەنینی هات. بەڵام ئێستا شێرەکە تەواو لێی نزیك بووەوە. کلکی بەزیخ و چەوی ڕێگەکەدا دەماڵی و بەقورسی هەناسەی دەدا. منداڵەکە نائومێدانە گوتی:

- باشە من ئێستا چی بکەم؟

گەورەترین پیرەمێردی بچووکیان گوتی:

- ڕا مەکە. ئەوەی ڕاکات زەرەر دەکات. بەقسەم بکە. من کەسێکی بەچپەدووم و ئامۆژگاریی بچووك بچووك دەچرپێنم بەگوێی خەڵکدا. بەرەو، لای شێرەکە برۆ، دەست بەپشتیدا بێنە و خواردنی بدێ. منداڵەکە گوتی: ئاخر ناوێرم! بەخۆ نازیەوەکەیان گوتی: ئۆف لە شێرە پیرەی دەغەدار! من کە بچووك بووم، ئا ئەوەندە بووم رامم کردبوو. بەدەم گوتنی ئەو قسەیەوە، بەکەڵە پەنجە تووتەی، باڵای ئەوسای منداڵیی خۆی پێوا. چپەدووەکە گوتی: ئێمە یارمەتیت دەدەین... ئێمە هەمووومان یارمەتیت دەدەین!



لە خۆباییبیەکەش گوتی: منیش لە هەموومان زیاتر یارمەتیت دەدەم. منداڵەکە بەرەو لای شێرەکە چووە پێش. مامۆستاکە هەڵزنییە سەر درەختێك و قیژاندی:

- کوڕە ئەوە شێت بوویت؟

سەری شێرەکە گەورە بوو وەك گابەردێك، لەشی زل بوو هێندەی شاخێك، منداڵکەش هەستی دەکرد لەهەمووان چکۆڵەتر و ترساوترە. بەخۆ نازەوەکە هاواری کرد:

- نەترسیت... ها!!

وای، شێرەکە چەند گەورە بوو! دەمی بەو ددانە سپی و تیژانەیەوە کردبووەوە. منداڵەکە هێندە ترسا کە لە حەژمەتا چاوەکانی نوقاند.





سێیەمین پیرەمێردی چکۆڵە هاواری کرد:
- بەخواردنەکەوە بڕۆ پێش. گیرفانەکانت پڕن لە خواردن، من خۆم خۆراك دەرم. دەتوانم یارمەتیت بدەم کە خواردن بدەیت... خواردن دەرکە وای گوت و کەوتە هەڵدانی پلە گۆشت بۆ ناو دەمی داپچڕاوی شێرەکە. چوارەمین پیرەمێردی بچکۆڵە گوتی:
منیش لە وانەی ڕێزلێناندا شارەزام. من و تۆ دەتوانین بەنەرمترین شێوە نەوازشی کەین. پیرەمێردەکە وای گوت و دەستی کرد بەنەوازشکردنی شێرەکە.
- وەك من... وەك من نەوازشی بکە. منداڵەك خواردنی دایە شێرەکە و نەوازشی کرد.
یەکەم جار شێرەکە تەواوێك حەپەسا. پاشان دەمە زلەکەی داخست و خۆی گرمۆڵە کرد.
ئەوسا خۆی بۆ لای منداڵەکە درێژکرد. ئەوجا باوەشی بەلمۆزی شێرەکەدا کرد و گوتی:
بۆ شێرە بچکۆڵە ئازاکەی خۆمیت! پیرەمێردەی چپەدوو چپاندی: بچۆ سەر پشتی، ئێستا سوار دەبین.
ئیتر ئاوها خۆیان هەڵدایە سەرپشتی شێرەکە و چوونە دەرەوەی گوند.
چپەدووەکە گوتی: ئۆی... چەند ترسام! خۆراکدەر و نوازشکەر گوتیان: ئێمە پاڵەوانین!
بەخۆنازی گەورەش پژمییە دەسەسرەکەیەوە و گوتی: من گەورەترین پاڵەوانم لە دویناداا.
منداڵەکە پێکەنی و توند خۆی بەیاڵی گەورەی شێرەکەوە گیرساند.
هاواری بۆ هەموو خەڵکی گوند کرد: ئەوانە بێ هێزترین کەسن کە پەنا بۆ چەك دەبەن! مامۆستاکەش بەچاوی خۆی بینی کە چۆن ئەوانە بەسواری شێرەکەوە دێن. لە حەژمەتا بوورایەوە و لەسەر درەختەکە کەوتە خوارەوە. جەنگاوەرە شانازییکەرەکانیش لە شەرما سەریان داخست. هیچ کەس لە گوند باوەڕی نەدەکرد. ئاخر ئەوە منداڵێکی چکۆڵە و لە هەمووان بێ هێزتر بوو کە دڕندەترین شێری ڕاو کرد.

